# حەفتەم: لیبرالیزم

## ١- لیبرالیزم و ئاسایشی نەتەوەیی

لەڕاستیدا، چەمک و گریمانە باوەکانی لیبڕالیزم جۆراوجۆرن، لێرەدا هەوڵدراوە کۆمەڵێک چەمکی گرینگ لە پەیوەندی بە ئاسایشی جیهانی ڕوون بکرێتەوە، وەکو بازرگانی ئازاد، تیۆری ئاشتی دیموکراسیانە، ئاشتی جیهانی، بەجیهانیبوون، دامەزراوە نێونەتەوەییەکان، نۆڕمە جیهانییەکان و پشتبەیەکبەستن و هەماهەنگی ئابووری.

لیبڕالیزم پارادایمێکی دیاری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانە. بووەتە جێگەی بایەخی نە تەنها شارەزاکانی ئاسایش، بەڵکوو بووەتە بەشێک لە ئەجێندای جێبەجێکاران و دروستکەرانی بڕیار و سیاسەتی دەرەوەی زۆرێک لە وڵاتەکان، وە بووەتە بنەمای سیستەمی نوێی جیهانی لە قۆناغی دوای جەنگی ساردەوە. چونکە لیبڕالیزم لەسەر زۆرێک لەو پرسانە قسە دەکات کە رکابەرەکەی (ریالیزم) پشت گوێی خستبوون یا ڕەتکرابوونەوە، لەوانە کاریگەری سیاسەتی ناوەخۆ لەسەر ڕەفتاری دەوڵەت، لێککەوتەکانی هەماهەنگی و پشت بەیەکدی بەستنی ئابووری، هەروەها رۆڵی دامەزراوە و نۆڕمە جیهانییەکان لە سەرخستنی هەماهەنگی نێونەتەوەیی (کیگلی و بلانتۆن، ٢٠١٠-٢٠١١: ٣٧). پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی تاک و دواجار ئاسایشی جیهانی لە ناوەڕۆکی زۆربەی بنەماکانی لیبڕالیزمدا بەدی دەکرێت.

هەردووکیان، لیبڕاڵەکان و ریالیستەکان ماتریالیست و ڕاشناڵیستن، لەسەر وێنەی کێبڕکێی جیهانی سیاسەت کۆکن کە جیهانێکە تیایدا کێبڕکێ لەسەر پاراستنی بەرژەوەندییە ماددییەکان هەل و مەرجێکی حەتمی و نەگۆڕە، بەڵام خاڵی گەورەی جیاوازی لەوەدایە کە لیبڕاڵەکان پێیانوایە 'ململانێ' لە نێو سیستەمی نێونەتەوەییدا دەکرێت چارەسەر بکرێت، وە لە ڕێگای ئینسیجام و هارمۆنییەوە بەڕێوەببردرێت، بە واتای ئەوەی دەکرێت جۆرێک لە ڕێکخستن لەسەر ئاستی سیستەمی نێودەوڵەتیدا بهێنە کایەوە. ئەوە وای لە لیبڕاڵەکان کرد باوەڕ بە *نێونەتەوەییبوون* (internationalism) بکەن و ڕەخنە بگرن لە بیرکردنەوەی ریالیستەکان لە ڕەتکردنەوەی رۆڵی هەماهەنگی و پێکەوەگرێدان لە سیستەمی نێونەتەوەیی وەکو بنەمایەک بۆ پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانی وڵاتەکان.

## نەریتی لیبڕالیزم

بەهەمان شێوەی ریالیزم، لیبڕالیزم خاوەنی بنەمای هزری فەلسەفی خۆیەتی. سەرەتای نەریتی لیبڕاڵیزم لەسەرئاسایش دەکرێت بیگەڕێنینەوە بۆکاری هزرمەندەکانی وەکو جۆن لۆک، ئادەم سمیس و ئیمانوێل کانت. وە *ئاشتی هەمیشەیی* کانت بە سەرەتای بیرکردنەوە لە پلانی ئاشتی و ئاسایشی جیهانی دەدانرێت. لە سیاسەتی نێونەتەوەییدا لیبڕالیزم لە ساڵەکانی دوای جەنگی جیهانی یەکەم گەیشتە بەرزترین ئاستی خۆی بە هۆی کارەکانی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وۆدرۆ ویڵسن. کارەکانی ویڵسن بووە هۆی سەقامگیرکردنی بەشێک لە بنەماکانی لیبڕالیزم لە جیهانی سیاسەت لە قۆناغی دوای جەنگی جیهانی یەکەمدا. لیبڕالیزم وەکو 'ئایدیالیزم' مێژوویەکی زۆر درێژتری هەیە، بۆ نموونە لە کارەکانی هزرمەندی چاخەکانی ناوەڕاست ئەنتۆنیۆ ئەکویناز بە تایبەت لەسەر جەنگی عادل (just war) بەشێک لە هزرەکانی لیبڕالیزم ئاماژەی پێکراوە. بیرکردنەوەی لیبڕاڵی لەسەر ئاسایش لەلایەن کۆمەڵێک قوتابخانەی جیاوازەوە کاری لەسەرکراوە. بۆ نمونە مایکل دۆیل (١٩٩٨) جیاکاری لە نێوان لیبڕالیزمی نێونەتەوەیی و بازرگانی و ئایدیۆلۆجی دەکات، هەریەکێکیان کاریگەری و دەرەنجامی جیاوازیان لەسەر پلانی ئاسایشدا هەیە. لەگەڵ ئەمەشدا، کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش لە نێوان ئەو قوتابخانە جیاوازانەدا هەیە، لەو باسەدا هەوڵدراوە ئاماژەیان پێبکرێت.

لای کانت، رەفتاری مۆڕاڵی لە هەستکردن بە بەرپرسیاریەتییەوە سەرهەڵدەدات. کاتێک تاکەکان کارەکانیان بە پێی ئەو بەرپرسیاریەتییانەوە دەبەن بەڕێوە، ئەوان وەکو کەسێکی مۆڕاڵی دەناسرێن. لای کانت، تاکە فۆڕمی پەسەندکراوی حکومەت 'حکومەتی کۆماریە'. تێستی ڕێسا ویاسا باشەکان توانای جێبەجێبوونی گەردوونیبوونیانە (the test of universal applicability). وە ئەو یاسا گەردوونییانە وەکو 'کاتیگۆرییە حەتمییەکان' دەبینرێن. هەموو جۆرە مرۆڤێک، هاوڵاتی ئاسایی و تەنانەت سەرکردەکانیش دەبێت بکەونە ژێر تێستی ئەو یاسا گەردوونیانەوە، بەڵام بە تەنها بوون بە وڵاتێکی کۆماری بەمانەی گەرەنتیکردنی ئاشتی جیهانی ناهێت، بەڵکوو ئەوە بەرپرسیاریەتیی وڵاتی کۆمارییە بۆ خەباتکردن بۆ دامەزراندنی کۆمەڵێک رێسا ویاسای رێکخراو لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا، ئەوان ناتوانن بە تەنها بۆخۆیان بین بە لیبڕاڵ (نافاری، ٢٠١٣: ٣٣-٣٤). گوتاری جۆرج بۆش لە 'جەنگی جیهانی دژبە تیرۆر' لە باشترین نموونەکانی ئەو ئەرگومێنتەیە.

یەکێک لە خاڵە گرینگەکانی بیری کانت، کە دواجار بووە گوتوبێژی نێوان لیبڕالەکان و ریالیستەکان، ئایدیای 'هاوسەنگی هێز' بوو. کانت دژی بیرۆکەی هاوسەنگی هێزە لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان، لەسەردەمی ئەودا وەکو تاکە رێگەی پاراستنی ئاشتی سەیردەکرا. دواتر، جۆن مێرشایمەر وەکو یەکێک

له دیارترین ریالیستەکان، لە تیۆری ریالیزمی هێرشکردن ئەوگریمانەی کانتی هاوبەش کردووە کە کانت پێیوایە هاوسەنگی هێز جێگەی خۆی ناگرێت چونکە ئامانجی و خواستی هەر دەوڵەتێک لە بەدیهێنانی ئاسایش و ئاشتی جیهانی لە بیرۆکەی دەستبەسەرداگرتنی تەواوی جیهان لە لایەن خۆیەوە سەرهەڵدەدات (ناڤاری، ٢٠١٣:٣٢).

لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە لیبراڵەکان زۆر بەهێز هاتنە نێو جیهانی سیاسەتەوە. ئامانجی سەرەکی لیبراکان رێگەگرتن بوو لە جەنگەکانی داهاتوو، ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی دیسیپلینی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان لەو ساڵانەدا. لای لیبرالەکان، جەنگ دەرەنجامی سروشتی مرۆڤ نییە ( کە ریالیستەکان بانگەشەی بۆ دەکەن) بەڵکوو دەرەنجامی لێکتێنەگەیشتن و هەڵەلێکدانەوەیە. بۆ کەسێکی لیبراڵی وەکو وۆدرۆ وێلسن جەنگی جیهانی یەکەم جەنگێک بوو بۆ کۆتایی پێهێنان بە هەموو جەنگەکانەوە. خەباتی لیبراڵەکان بۆ دەرخستنی ئەوراستییە بوو کە ئەگەرهاتوو وڵاتان بەردەوام بن لە سیاسەتی هێزو پێشبرکێی ئاسایشیان ئەوا جەنگە جیهانییەکان بەردەوام دەبن. بیرۆکەی کۆتایی پێهێنان بە جەنگە جیهانییەکان و هەوڵدان بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی جیهانی، لیبرالەکان لەو ماوەیەدا بە سەر سێ گرووپی جیاوازدا دابەش ببوون. گروپی یەکەم، لایەنگرانی دامەزراوە نێونەتەوەییەکان بوون. دەرەنجامی هەوڵەکان و کارەکانی ئەو گرووپە دروستکردنی 'رێکخراوی کۆمەڵەی گەلان' بوو. دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی گەلان هیوای رێگە گرتنیان لە جەنگەکانی داهاتوو دەخواست بە رێکخستنی سیستەمی 'ئاسایشی کۆیەکی' collective security. لایەنگرانی ئەو گرووپە رایانگەیاند ئاشتی دابەش ناکرێت: هەرەشەیەک لەسەرئەندامانی کۆمەڵکە وەکو هەرەشەیەک بۆسەرهەمووان سەیردەکرێت. چونکە هیچ وڵاتێک بە هێزتر نییە لە یەکگرتنی هەموو وڵاتەکان، شەرخوازەکان دەترسێندرێن و جەنگەکانیش دووردەخرێنەوە.

گرووپی دووەم، داوای بەکارهێنانی رێکارە یاساییەکانیان دەکرد لە رێگەگرتن لە ململانێکان پێش ئەوەی ببێتە هۆی پێکدادانی چەکداری. یەکێک لە کارەکانی ئەو گرووپە، دامەزراندنی 'دادگای هەمیشەیی دادی نێونەتەوەیی' بوو لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٢دا.

گرووپی سێیەم، لایەنگرانی بیرۆکەی 'داماڵینی چەک' بوون. یەکێک لە کارەکانیان کۆنفرانسی کەشتیوانی لە واشینتۆن بوو لە ساڵی (١٩٢١) وەکو هەوڵێک بۆ کوورتکردنەوەی ئاستی کێبرکێیەکانی دەریاوانی نێوان وڵاتانی ئەمریکا، بەریتانیا، ژاپۆن، فەرەنسا و ئیتاڵیا. ئامانجی سەرەکی ئەو گرووپە کەمکردنەوەی ململانێیە نێونەتەوەییەکان بوو لە رێگای سەرخستنی چەکداماڵینی نێونەتەوەییەوە (بروانە: کیگلی و بلانتۆن، ٢٠١٠-٢٠١١:٤٠-٤٣).

لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵانەی لیبڕاڵەکان، لیبڕالیزم شکستی هێنا لە ڕێگەگرتن لە بەرپابوونی جەنگێکی جیهانی دیکە. کۆمەڵەی گەلان شکستی خوارد لە ڕێگەگرتن لە داگیرکردنی مەنشوریا لەلایەن ژاپۆنەوە لە ساڵی ١٩٣١، هەروەها داگیرکاری ئیتاڵیا لە ئەسیوبیا لە ساڵی ١٩٣٥. لیبڕالیزم لە سییەکان و ماوەی جەنگی جیهانی دووەم و زۆربەی ماوەکانی جەنگی سارد پێگەی خۆی لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکان لە دەستدا، بەڵام بە کۆتایی هاتنی جەنگی سارد، لیبڕالیزم چووە قۆناغێکی دیکەوە، ئەو قۆناغە بە سەردەمی بەجیهانیبوونی لیبڕالیزم لە جیهانی سیاسەتدا ناوزەد دەکرێت. زیادبوونی کاریگەرییەکانی بەجیهانیبون و هەروەها شەپۆلێکی نوێی بەدیموکراسیکردن democratization لە نەوەدەکانی سەدەی رابردووەوە، هەموو ئەوانە لیبڕالیزمیان بردە قۆناغێکی نوێی گرینگەوە. بەجیهانیبوون سروشتی کارەکان و ئەرکەکانی دەوڵەتی بە شێوەیەکی بنەڕەتی گۆڕی. چی دیکە وڵاتەکان بەتەنها نەیانتوانی ئەرکەکانی ئاسایش و ئابووری و پرسەکانی دیکەی وەکو ئاسایشی ژینگە رابپەڕێنن. سنوورو سەروەری دەوڵەتانیش بە جۆرێک گۆڕانکارییان بەسەردا هات بوارێکی بۆ بیرکردنەوە لە بنەماکانی ئاسایشی مرۆیی و دەستتێوەردانی مرۆیی دروست کرد. هەر لەبەر ئەو گۆڕانکاریانە، فرانسیس فۆکۆیاما گەیشتە ئەو دەرەنجامەی لیبڕال دیموکراسی هیچ رکابەرێکی دیکەی نییە، وە لیبڕال دیموکراسی 'دوا فۆرمی حوکمڕانی مرۆییە' (فۆکۆیاما، ١٩٩٢: xi–xii). گریمانەی سەرەکی فۆکۆیامە ئەوە نییە کە مێژوو لەم خاڵەدا کۆتایی پێ دێت، بەڵکوو بە شێوەیەک دەبێت زۆر ئاستەم بێت بۆ هەر سیستەمێکی سیاسی بتوانێت خۆی بەرامبەر شەپۆلی دیموکراسی و لیبڕالیزم بگرێت، لە سەر هەردووک ئاستی ناوخۆیی و نێونەتەوەیی. لەگەڵ ئەوەشدا لە لە کاتی ئێستادا، دووبارە لیبڕاڵیزم کەوتۆتە بەردەم قەیرانی قووڵەوە کە بۆ زۆرێک گەڕانەوەی ململانێ و لێکدانەوە جیۆپۆلەتیکییەکان لەسەر ئاستی هێزە گەورەکان و هێزە هەرێمییەکان ئاماژەی شکست و کەمتوانایی لیبڕالیزمە لە تێگەیشتن لە سروشتی سیاسەتی نێونەتەوەیی.

## جیهانبینی لیبڕالیزم

لیبڕالیزم لە تیۆرەکانی دیکە جیادەکرێتەوە بە هۆی تێڕوانینە گەشبینییەکانی لەسەر ئاسۆ ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کلتورییەکان، سیاسەتی نێونەتەوەیی و هەماهەنگی و پێکەوە کارکردنی نێوان ئەکتەرە نێونەتەوەییەکان و ئەگەری بەرقەراربوونی ئاشتی جیهانی. سیاسەتی نێونەتەوەیی بەردەوام گوزارشت نییە لە ململانێ و ناکۆکی، وەک ریالیستەکان پێیان وایە. بەڵکوو ئاسایش و ئاشتی جیهانی شتێکە دەکرێت بەدەست بهێندرێت. لە پاڵ دەوڵەتەکان، رێکخراوە نێونەتەوەییەکان، رژێمە

نێونەتەوەییەکان، گرووپە فشارەکان، نوخبەکان و پارتە سیاسیەکان، تەنانەت تاکە بەهێزەکان ئەکتەرانێکی گرینگیی جیهانی سیاسەتن (مۆرگان، ٢٠١٣: ٣٥). لیبراڵەکان جەخت دەکەنە سەر پڕەنسیپە ئاکاری و دامەزراوەییەکان لە جێگەی هەوڵدانێکی رووتی هێزو توانا سەربازییەکان. سیاسەت، لای لیبراڵەکان، لە ئاستی جیهانیدا زیاتر ململانێیەکە بۆ ئیجماع و دەستکەوتی دوولایەنە لە جێگەی ململانێ لە پێناو هێز و پرەستیج (جێرفیز، ١٩٩٩: ٤٤). لیبرالەکان پێیان وایە مەرجی گەردوونی جیهانی سیاسەت بریتییە لە بەجیهانیبوون. وڵاتەکان رۆدەچنە نێو کۆمەڵگای ناوەخۆیی و نێونەتەوەییەوە، ئەو دۆخە بووەتە هۆی دروستکردنی پاڵنەرێک بۆ کارلێک و پەیوەندییە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کلتورییەکان لە سەرووی سنووری دەوڵەتەکانەوە. چونکە وڵاتەکان بە پێی هەل و مەرجی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆیان بەرژەوەندی و بژاردەی جیاوازیان دەبێت، بۆیە لەسەر ئاستی نێونەتەوەییدا دەبێت ئەوپەیوەندییانە رێک بخرێن، ئەگەرنا وڵاتەکان دەکەونە بەردەم هەرەشەی پێکدادانەوە. بۆلیبرالەکان، ئاشتی بارێکی ئاساییە، بە گوتەی کانت، ئاشتی دەکرێت 'هەمیشەیی' بێت. یاساکانی سروشت جۆرێک لە هارمۆنی و هەماهەنگیان لە نێوان مرۆڤەکان دروستکردووە. جەنگ، بەو شێوەیە، هەم ناسروشتی و هەمیش ناعەقلانییە، پیلانێکی دروستکراوە نەوەک سەرچاوەی سروشتی مرۆڤ بێت.

لیبرالیزم باوەڕی بە عەقڵ، بەڵگەکاری و ئیمکانیەتی بەرەوپێشچوون (progress) هەیە. سەیری تاک دەکات وەکو ئامانج نەوەک ئامراز. لیبرالەکان باوەڕیان بە کامڵبوونی ژیانی مرۆڤ هەیە. لە رێگای باوەڕیان بە هێزی عەقڵی مرۆیی و هەروەها توانای مرۆڤەکان لە بەرجەستەکردنی هەستە مومکینەکانی ناوەوەیان، لیبرالەکان گریمانەی جیهانێکی ئاشتی و ئازاد و خۆشگوزەران دەکەن و ئایدیای دوورخستنەوەی ئەگەرەکانی بەرپابوونی جەنگ لای خۆیان تیۆریزە دەکەن (رۆسۆ و واڵکەر، ٢٠١٠: ٢٢). ئایدیای 'هارمۆنی' لە نێوان بەرژەوەندییە ناکۆکەکان یەکێکە لە بابەتە سەرەکییەکانی هەموو فۆرمەکانی لیبرالیزم. ململانێ هەرگیز حاڵەتێکی بێ چارە نییە. هاوسەنگی و هارمۆنی لە نێوان بەرژەوەندییەکانی وڵات، تاک، گرووپ و دامەزراوەکان دروست دەبێت، ئەمەش لە روانگەی لیبرالەکانەوە دەبێتە هۆی پاراستنی ئاسایش و هەماهەنگی لە نێوان وڵاتەکان. لای لیبراڵەکانی وەکو رۆسۆ، کانت، کۆبدن و دۆیل، جەنگ لە لایەن حکومەتە چەکدارخواز و نادیموکراسییەکانەوە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان دروست دەبێت. جەنگەکان پاساوێک بە حکومەتەکان دەبەخشن بۆ فراوانکردنی بیرۆکراسیەت و کۆنترۆڵی خۆیان بە سەر هاوڵاتیەکانەوە. خەڵکی لە بەرامبەردا، بە سروشت ئاشتیخوازن، رادەکێشرێنە نێو جەنگێکەوە تەنها لە بەرسەرەڕۆییەکانی فەرمانڕەواییە ناڕەوا

و نانوێنەرەکانیانەوە بەرپابووە (رۆسێت، ٢٠٠٩). ئەو کارەی لیبراڵەکان شانۆرەی هەبوو لە گوومان کردن و رەخنە گرتن لە گریمانەی ئەبەدیبوونی جەنگە گەورەکان.

## بازرگانی ئازاد

لیبرالیزم لە رێگای جەخت کردن لەسەر بازرگانی ئازاد دەیەوێت زۆرێک لە ئامانجەکانی سەرەوە بە تایبەت ئاشتی جیهانی دەستەبەر بکات. بیرۆکەی بازرگانی دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی ململانێکان لە کارەکانی زۆرێک لە هزرمەندەکانی رۆشنگەری وەکو ئیمانوێل کانت، ئادام سمیس و جان جاک رۆسۆدا هەیە. ئەو بیرۆکەیە لە بەریتانیا بەتەواوەتی گەشەی کرد لە *قوتابخانەی مانچستەر بۆ سیاسەتی ئابووری* لە ساڵەکانی سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا. لە ساڵی ١٨٣٥ دا، ریتچارکۆبدن نامیلکەیەکی بە ناوی *بەریتانیا، ئێرلەندا و ئەمریکا* بڵاوکردەوە، جەختی کردە سەر بنەماکانی 'دەستتێوەرنەدان' و 'بازرگانی ئازاد' لە پەیوەندییە بازرگانییەکانی وڵاتەکان. لای کۆبدن و زۆرێک لە لیبراڵەکانی سەدەی نۆزدەهەم، بازرگانی نێوان وڵاتەکان هەروەها لە نێوان تاکەکانیش دەبێتە هۆی قازانجی دوولایەنە. (١) پەیوەندییە بازرگانییەکان دەبێتە هۆی دروستکردنی پاڵنەرە مادییەکانی چارەسەرکردنی ململانێ سیاسی وئاسایشییەکان. (٢) دەستەبژێرە بازرگانە جیهانییەکان، قازانجیان لەوئاڵوگۆڕە بازرگانییانەدا دەبێت، دەبنە هۆی هاندانی گرووپە فشارە بەهێزە جیهانییەکان بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەی ئاشتییانەی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان وڵاتەکان. (٣) پەیوەندییە بازرگانییەکانی وڵاتەکان دەبێتە هۆی زیادکردنی پەیوەندی، کاڵکردنەوەی بیری نەتەوەویستی و نەتەوەپەرستی، وە هاندانی لایەنەکان بۆ دوورخستنەوەی پێکدادانی نێوانیان (ناڤاری، ٢٠١٣: ٣٦).

بازرگانی دەبێتە هۆی خێراکردن و کاراکردنی پرۆسەی بەرهەمهێنان لە رێگای رێکخستنی چالاکییە ئابوورییەکان بە پێی پێداویستی بازاڕلە لایەن خاوەندارە تایبەتییەکانەوە (مۆرگان، ٢٠١٣: ٣٠). ئەوخاڵە لیبراڵەکانی گەیاندە ئەوئاستەی پێیان وابێت بازاڕناکرێت لە لایەن حکومەتەوە رێک بخرێت، چاودێری بکرێت وکۆنترۆڵ بکرێت. رێبەستەکانی بەردەم بازرگانی ئازاد دەبێتە هۆی لاوازکردنی ئابووریی وڵات. ئەو رێبەستانەش دواجار دەبێتە هۆی رێگە گرتن لە بەرقەراربوونی ئاشتی و ئاسایش لە نێوان وڵاتەکان. بازرگانی ئازاد رێگایەکی ئاشتیانەیە بۆبەدەستهێنانی سامانی نەتەوەیی چونکە بە گوێرەی تیۆری 'قازانجی بەراوردکاری'، هەر ئابوورییەک لە رووی مادییەوە باشتر دەبێت لەوەی بە تەنها بەدوای ئابووریی نەتەوەیی و خۆدوورخستنەوەدا بێت. لای کانت، بازرگانییەکی بێ رێبەست لە نێوان خەڵکەکانی جیهان دەبێتە هۆی یەکخستنیان لە پرۆژەیەکی هاوبەش و دۆستانەدا. رێبەستە دروستکراوەکانی بەردەم

بازرگانی پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکانی شێواندووە، بووەتە هۆی ناکۆکی نێونەتەوەیی، لەبەرئەوە بازرگانی ئازاد ئەو ڕێبەستانە تێک دەشکێنێت، جیاوازییە سیاسییەکانی نێوان وڵاتەکان کەم دەکات و تاکەکان لە یەک کۆمەڵگای جیهانیدا لەسەر بنەمای کۆمەڵێک بەرژەوەندی هاوبەش یەک دەخات. بازرگانی ئازاد دەبێتە هۆی فراوانکردنی پەیوەندییەکان و ئاستەکانی تێگەیشتنی خەڵکەکان لە جیهاندا وهانی هاوپەیمانیەتی سەرووسنورەکانی نەتەوەیی دەدات (بۆرچیلی، ٢٠٠٥: ٦٣).

## لیبڕالیزم و دیموکراسی

بەتەنها هەبوونی بازرگانی ئازاد و پشت بەیەک بەستنی ئابووریی لە نێوان وڵاتەکان نابێتە هۆی دابینکردنی ئاشتی و ئاسایش لە نێوانیاندا. ئەو پەیوەندییانە پێویستیان بە سیستەمێک دەبێت بۆ تەواوکردنی هاوکێشەی بازرگانی ئازاد/ئاشتی، وە ئەو سیستەمەش، لای لیبڕاڵەکان 'سیستەمی دیموکراسیە'. هەندێک لە وڵاتەکان تەنها یەک ڕەهەندی لیبڕالیزمیان وەرگرتووە ئەویش بیرۆکەی بازرگانی ئازاد و سەرمایەدارییە، وەکو وڵاتەکانی چین و رووسیا، ئەو ڕەهەندە ئابوورییانەی لیبڕالیزمیان بەتەوای بەرجەستە کردووە، بەڵام بۆ ئەوەی پشت بەیەک بەستنە ئابوورییەکانی روسیا، بە نموونە، ببێتە مایەی ئاشتی لەگەڵ وڵاتەکانی ڕۆژئاوای ئەوروپا، پێویستە روسیا سیستەمێکی دیموکراسی هەبێت. دەستتێوەردانی ڕوسیا لە ئۆکرانیا و جەنگی ناوەخۆی سوریا، نموونەیەکی باشە بۆ بە دواداچوونی ئەو ئەرگومێنتە.

وڵاتە دیموکراسییەکان جیاواز لە وڵاتانی دیکە رەفتار دەکەن لە چەندین روانگەوە: یەکەم، وڵاتە دیموکراسییەکان ئەگەری کەمیان هەیە بچنە نێو ململانێی سەربازییەوە لەگەڵ یەکدی. دووەم، وڵاتە دیموکراسییەکان زیاتر دەست بە بازرگانی و وەبەرهێنانی نێونەتەوەیی دەگرن، ئاکامی پشت بەیەک بەستنی ئابووریی نێوانیان دەبێتە هۆی بەرقەرارکردنی ئاشتی. سێیەم، وڵاتە دیموکراسییەکان ئەگەری زۆریان هەیە کێشە و ناکۆکییەکانیان لە ڕێگەی دامەزراوە نێونەتەوەییەکانەوە چارەسەر بکەن (رۆسۆ ووالکەر، ٢٠١٠: ٢١).

لیبڕالەکان بۆ ڕێگە گرتن و چارەسەرکردنی جەنگ پەنا بۆ دیموکراسی و بازرگانی ئازاد دەبەن. پرۆسەی دیموکراسی و دامەزراوەکانی دەسەڵات لە دەست چەند کەسێک دەردەهێنن و سنوور بۆ مەیلی شەڕخوازانەیان دادەنێن (کێرنی، ٢٠١٠). جگە لەمانە، پرۆسەی دروستکردنی بڕیار لە سیستەمێکی دیموکراسیدا پرۆسەیەکی دوولایەنەی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگایە. لە کاتی دروستکردنی بڕیار، لە سیستەمێکی دیموکراسیدا، کۆمەڵێک بەها ونۆرم وئایدیای جیهانی دەبێت لەبەرچاوبگیردرێن لە پێناو

شەرعیەتی دەسەڵات و سیستەم، ئەمانەش بە سروشتی خۆیان ئەگەری بڕیاردانی چوونە جەنگ کەم دەکەنەوە. کارکردن لەسەر پرۆسە مێژوویی و هەل و مەرجە کۆمەڵایەتییەکانی پەیدابوونی 'ململانێی ئاسایش' جێگەی بایەخە. گۆڕینی ئەو هەل و مەرجانە دەبێتە هۆی سەرخستنی ئاشتی و ئاسایش. بڵاوکردنەوەی دیموکراسی، لای لیبراڵەکان، یەکێکە لە ئامرازەکانی باشترکردنی ژیانی خەڵک لەسەر ئاستی جیهانی و چارەسەرکردنی کیشەکانیان بە رێگایەکی ئاشتیانەی خوازراو. هۆکاری ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ کلتوری کۆمەڵایەتی و سیاسی سیستەمێکی دیموکراسی لە هەناوی خۆیدا لێبووردەیی، ئاشتەوایی و ئازادییە مەدەنییەکان بەرجەستە دەکات، ئەمەش پێشمەرجی ئاشتی و ئاسایشی نیشتیمانی و جیهانین.
راستە لیبرالیزم باوەڕی وایە ساختاری سیستەمی نێونەتەوەیی کاریگەری هەیە لەسەر رەفتاری وڵاتان، بەڵام زیاتر رەفتاری وڵاتان بەستراوەتەوە بە بژاردەکان و هێزی ئەکتەرە ناوەخۆییەکان لە لایەک، هەروەها سروشت و هەل و مەرجی سیستەمی سیاسی ناوەخۆی وڵاتەکان لە لایەکی دیکەوە. گۆڕانکاری لە سیستەمی نێونەتەوەیی دەوەستێتە سەرگۆڕانکاری لە سروشت، ئامانج، بڕیاروپەیوەندیی ئەندامەکان (مۆرگان، ٢٠١٣: ٢٩). بەمشێوەیە میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ململانێ لە ناوەخۆی وڵات دەکرێت بەکاربهێندرێن بۆ چارەسەرکردنی ململانێیە نێونەتەوەییەکان. لیبراڵەکان سیاسەتی نێونەتەوەیی وەکو درێژکراوەی سیاسەتی ناوەخۆیی دەبینن، هەوڵی بەجیهانیکردنی نۆڕمەکان دەدەن بۆ رێکخستنی رکابەرییە نێونەتەوەییەکان.
مایکل دۆیل (١٩٨٦) و بروس رۆسێت (١٩٩٥) ئاماژە بەوە دەکەن دیموکراسییەکان ناوازەن لە توانا و خواستیان بۆ دامەزراندنی پەیوەندییە ئاشتیانەییەکان لە نێوان خۆیاندا. ئەو ئاشتیخوازییەی (pacification) پەیوەندییەکانی دەرەوە لە نیوان دەوڵەتە لیبراڵەکان بەرهەمێکی راستەوخۆی سیستەمە سیاسییە هاوبەشییە شەرعییەکانە، وە دەوەستێتە سەر پرۆسە و پرەنسیپە دیموکراسییەکان. بەمشێوەیە ململانێی نێوان حکومەتە دیموکراسییەکان ئەگەری زۆرە نەچێتە بواری جەنگەوە، دانپێدانانی دوولایەنە بە بەها هاوبەشەکان، پابەندبوون بە سەروەری یاسا، مافەکانی تاک و یەکسانی، حکومەتێکی نوێنەری راستەقینەی خەڵک لەسەر بنەمای کۆدەنگی گشتی، وایکردووە حکومەتە دیموکراسییەکان خواستی شەڕیان لەگەڵ یەکدی نەبێت یا کەم بێت. ئەوە بەمانای ئەوە ناهێیت دیمکراسییەکان ئارەزووی شەڕیان لەگەڵ 'نادیموکراسییەکانیشدا' نییە، بەڵکوو ئەگەر بچنە شەڕیشەوە لەسەر بنەماکانی بەرگریکردنێکی رەوا لە دەوڵەت دەبێت، وە بە شێوازێکی باش و گونجاو دەچنە جەنگەوە (بۆرچیل، ٢٠٠٥: ٥٩-٦٠). دواجار دیموکراسی دەبێتە هۆی بەدەرخستن و بەرجەستەکردنی خەسڵەتە باشە سروشتییەکانی مرۆڤ. تەواوی ئەو ئەرگومێنتانە سەرەوە بووە هۆی

سەرهەڵدانی *تیۆری ئاشتی دیموکراسی* (democratic peace theory) لای زۆرێک لە لیبڕاڵەکانەوە وەکو مایکل دۆیل، بروس رۆسێت و فرانسیس فۆکۆیاما (بۆگوتوبێژی ئەوەی دیموکراسی دەبێتە هۆی مایەی ئاشتی نێوان نەتەوەکان یا نا، بڕوانە هێیوود، ٢٠١١:٦٦). تیۆری ئاشتی دیموکراسی بەیەکجاری بانگەشەی ئەوە ناکات دیموکراسی کۆتایی بە جەنگەکان دەهێنێت، چونکە دیموکراسییەکانیش دەچن بە گژیەکدیدا و هەواڵگری لەسەریەکدی دەکەن (وەکو سکاندالی سنۆدن و هەواڵگری ئەمریکا بەسەر ئەڵمانیا)، بەڵام ئەوەی زیاتر دەردەکەوێت تیۆرێکە دژی لۆژیکی کێشەئامێزی 'شەڕی هەموانی دژی هەموان'ی ریالیستەکانە، رەتی گریمانەی سروشتی خراپ و شەڕانگێزانەی مرۆڤ دەکاتەوە، هەروەها رەتی روانینی مارکسیستەکانیش لەسەرپێنەدانی هیچ رۆڵێک بۆ سروشت دەکاتەوە.

ئەو جەختکردنەی لیبڕاڵەکان لەسەر مافەکانی مرۆڤ کە تەنها دەکرێت لە سیستەمی دیموکراسی بەهەماهەنگ لەگەڵ ئاکارو پرەنسیپە جیهانییەکانن بهێتە دی، لە سەردەمی بەجیهانیبووندا گەیشتە لوتکە. پرۆسەی دروستکردنی بڕیارلە وڵاتە دیموکراسییەکان لە زۆرێک لە بوارەکانی ژینگە، ئابووری، سیاسی، ئاسایشی بە جۆرێک لە جۆرەکان بەنێونەتەوەیی و بەجیهانی کراوە، ووە لە بەستێنێکی فراوانی جیهانیدا بەڕێوە دەچێت. دەسەڵات و توانای دەوڵەت لە چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ هاوڵاتیەکانی کەمبۆتەوە بەهۆی زیادبوونی هۆشیاری و ئاگایی لەسەرکێشە مرۆییەکان لە سەرئاستی جیهاندا. لە هەمووی سەرنجڕاکێشتر، دەوڵەتەکان کەمتر دەتوانن رێگە لە تاکەکانیان بگرن لە چوونیان بۆ نێو دامەزراوە سەروو نەتەوەییەکانەوە بۆ پاراستنی ناسنامە و بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری خۆیان (بورچیل، ٢٠٠٥:٨٢). 'سەروەری' چی دیکە ئەو چەمکە نییە جێگەی هیچ دەستتێوەردانێک نەبێت، بەڵکوو لە ژێرپاساوی 'دەستتێوەردانی مرۆیی' لە چەندین کەیسدا لە دوای جەنگی سارد سەروەری دەوڵەتەکان بەزێندراوە (بێلامی و ویلەر، ٢٠١١: ٥١٢-٥١٣). بیرۆکەی 'دەستتێوەردانی مرۆیی' بەستراوەتەوە بە بنەمایەکی دیکەی لیبڕاڵەکان: کۆزمۆپۆلیتانیزم (cosmopolitanism). بیرۆکەی کۆزمۆپۆلیتانیزم دەگەڕێتەوە بۆ بیرۆکەی 'کۆمەڵگای تاکەکان' وەکو بنەماییەکی سەرەکی دامەزراوە نەتەوەییەکان. لەبەرئەوە، سەروەری دەوڵەت دەکرێ ببەزێندرێت ئەگەرهاتوو ئەو دەستتێوەردانە بۆ پاراستنی تاکەکان و مافەکانیان بێت (نای، ٢٠٠٦:١٦٥). ئەوە فیرناردۆتێسۆنی (٢٠٠٣:٩٣) گەیاندە ئەو خاڵەی پێیوابێت 'سەروەری دەوڵەت لە بەرپرسیاریەتیی دەوڵەتەوە لە پاراستنی هاوڵاتیەکانیەوە دروست دەبێت؛ لەبەرئەوە کاتێک دەوڵەت ناتوانێت بەو ئەرکەی هەڵبستێت، مافە سەروەرییەکانی خۆی لە دەست دەدات'. بە پێ لیبڕالیزم هەرگیز کۆمەڵگای نێونەتەوەیی نەیدەتوانی بگاتە ئەو ئاستی

بیرکردنەوە سەبارەت بە دەسەڵاتی نەبڕاوە و سەروەری نەبەزێندراوی دەوڵەتەکانەوە کە لە قۆناغی دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە وەکو فاکتێکی نەگۆڕ وەرگیرابوو.

## ٢- نیۆلیبرالیزم و ئاسایشی نەتەوەیی

شەپۆلی دووەمی لیبرالیزم دەگەڕێتەوە بۆ هەفتاکانی سەدەی رابردوو. وەکو کاردانەوەیەک بۆ پشتگوێخستنی رۆڵی *پەیوەندییە بان نەتەوەییەکان* (transnational relations) لە لایەن ریالیستەکانەوە. لەوساتەدا، قەیرانی نەوتی جیهان لە ساڵی ١٩٧٣دا، دەریخست ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان دەتوانن کاریگەریان هەبێت لەسەر واقیعی رووداوە نێونەتەوەییەکان و هەندێک جاریش دەتوانن کێبڕکێی دەسەڵات لەگەڵ دەوڵەت بکەن. لەو سەردەمەدا، سەرهەڵدانی پێکەوە گرێدانی ئابووری هەرێمایەتی لە ئەوروپا، بۆ نموونە، لە ژێر کاریگەری بیرۆکەی کەم کردنەوەی ململانێکانی نێوان وڵاتەکان لە رێگای دروستکردنی بەرژەوەندی هاوبەش لە بازرگانی و ئابووریدا. ئەوە هانی هەردوو وڵاتی فەرەنسا و ئەڵمانیادا، کە زۆرجار لە مێژوودا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان پەنایان بۆ رێگەی سەربازی بردووە، لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی ئابووری و بازرگانی هاوبەشدا کار بکەن، سەرەنجامی ئەوە بەستنەوەی ئاشتی و ئاسایشی وڵاتێک بە وڵاتێکی دیکەی لێدەکەوێتەوە.

ئەو بۆچوونە بووە هۆی بەرجەستەکردنی پشت بەستنی دوولایەنە (mutual interdependence) بۆ تەرخانکردنی تێگەیشتنێکی باشتر لە تێگەیشتنی ریالیزم بۆ جیهانی سیاسەت، بە تایبەت لەسەر کێشەکانی ژینگە و ئابووری نێونەتەوەیی (کۆهەین و نی، ١٩٧٧). مەبەست لە پشتبەستنی دوولایەنەی کەناڵە جۆراوجۆرەکان لە نێوان دەوڵەتەکان؛ پەیوەندییەکانی نێوانیان لە کارلێکە بان-حکومەتییەکان و پەیوەندییە سەروونێونەتەوەییەکان. جەختکردنی ریالیزم لەسەر پەیوەندییەکانی حکومەت بە حکومەتەوە بووە هۆی پشت گوێ خستنی ئاڵوگۆڕی و پەیوەندییە تایبەت و گشتییەکانی سەرووی سنووری دەوڵەتەکان. پشت بەستن بەیەکدی لە جیهانی سیاسەتدا پەیوەستە بە کاریگەرییە دوولایەن و تێکبەست و هاوبەشەکانی نێوان وڵاتەکان یا لە نێوان ئەکتەرە جیاوازەکان (کۆهەین و نی، ١٩٧٧:٨). هەر لەبەر ئەو پەیوەندییە جۆراوجۆرانە، هەردوو شارەزای لیبرالیزم کۆهەین و نی رەتی چارەسەری سەربازی لە بۆ ململانێ و کێشەی نێوان دەوڵەتەکان دەکەنەوە. دوا بەدوای ئەوە، نیولیبڕاڵەکان ئاماژەیان بە چەمکی *هەستیاری* (sensitivity) کرد بۆ ئاماژەدان بە گۆڕانکارییە خێرا و نرخدارەکانی وڵاتێک و کاریگەری بەسەر وڵاتێکی دیکەوە. هەروەها وڵاتەکان لە بەرامبەر گۆڕانکاری لە هەل و مەرجی

سیاسی و ئابووریی وڵاتانی دیکە بەرشکەست دەبن (vulnerability) و دەکەونە ژێرکاریگەرییەوە. ئەو پشت بەیەک بەستنە دوولایەن و چەند لایەنانە تەنها وای نەکردووە ولاتەکان لە بواری ئابوورییەوە بکەونە ژێر کاریگەری رووداوەکانی نێوەخۆی یەکدییەوە، بەڵکوو لەسەر کۆمەڵێک بواری دیکەی وەکو پیسبوونی ژینگە، هەژاری و مافەکانی مرۆڤیشەوە (هێیوود، ٢٠١١:٦٣).

نیولیبڕالەکان لەگەڵ نیوریالیستەکان ناکۆکن لەسەر ئەوەی وڵاتەکان چۆن لە بەرژەوەندییەکانیان تێدەگەن. لە کاتێک نیوریالیستەکانی وەکو واڵتز، گفتوگۆی ئەوە دەکەن وڵاتەکان بیر لە 'قازانجە رێژەییەکان' دەکەنەوە، بەمانای ئەوەی قازانجەکان لە روانگەی بەراوردکارییەوە هەڵدەسەنگێندرێن (کێ زیاتر بەدەست دەهێنێت؟). نیولیبڕالەکان پێیانوایە وڵاتەکان بیرلە زیادکردنی 'قازانجە رەهاکان'ی خۆیان دەکەنەوە، بە مانای هەڵسەنگاندنی بەرژەوەندییەکانی خۆت بەجیا و سەربەخۆ لە بەرژەوەندی وڵاتانی دیکەوە (کێ زیاترین قازانج بەمن دەبەخشێت؟). نیوریالیستەکان دەڵێن ئەگەر وڵاتەکان هەستیان کرد کەمترلەوانی دیکە بەدەست دەهێنن ئەوا هەوڵی تەگەرە خستنە بەردەم هەماهەنگییەکە دەدەن، بەڵام لیبڕاڵە دامەزراوەییەکان باوەڕیان وایە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان یارییەکی سفری zero-sum نییە، هەروەک زۆربەی وڵاتەکان هەست دەکەن بە زیادکردنی قازانجەکانی خۆیان پارێزراو دەبن، لەبەرئەوە کەمترگوێ دەدەنە سەرقازانجی وڵاتەکانی دیکە. قازانجە دوولایەنەییەکان لە ئاکامی هەماهەنگییەوە دێتە بوون، چونکە ولاتەکان ئاگادارن لە پێداویستی خۆیان و پیداویستی هاوبەشەکانیشیان (بەیلیس، ٢٠١١:٢٥٨-٢٥٩).

---

## رژێمە نێونەتەوەییەکان LIBERAL INSTITUTIONALISM و لیبڕالیزمی دامەزراوەیی INTERNATIONAL REGIMES

---

وەکو ریالیستەکان، لیبڕالە دامەزراوەییەکان نیگەرانی فێڵ کردن و نامتمانەیی نێوان وڵاتەکانن، بەڵام بە پێچەوانەی نیوریالیستەکان، لیبڕالە دامەزراوەییەکان باوەڕێکی زۆریان بە دامەزراوەکان هەیە لە رێگرتن لەهەر فێڵکردنێک و کەمکردنەوەی ئاستی نامتمانەیی لە نێوان وڵاتەکان. رێکخراوە نێونەتەوەییەکان تەنها دامەزراوەیەک نین لە وڵاتانی ئەندامەوە پێک هاتبێت، بەڵکوو وەکو ئەکتەرێک دەتوانن لە مەیدانی سیاسەتدا رۆڵی خۆیان بگێڕن تەنانەت ئەگەر وڵات و ئەکتەرەکانی ئەندام تیایاندا لاوازیش بن. رژێمە نێونەتەوەییەکان فاکتەرانێکی کاریگەرن لە نێوان ساختاری هێزی سیستەمی نێونەتەوەیی و دانوستانە سیاسی و ئابوورییەکانی نێو خودی سیستەمەکە (جێرڤز، ١٩٩٩؛ کێرنی، ٢٠١٠) . مەبەست لە رژێمە نێونەتەوەییەکان: 'تۆڕێک لە ڕێسا، نۆرمە، هەروەها رێکارەکانی رێکخستنی

ڕەفتارەکانی دەوڵەتەکانە. لە هەل و مەرجەکانی پشت بەستنی دوولایەن و هاوبەشی جۆراوجۆر، ڕژێمە نێونەتەوەییەکان یارمەتیدەر دەبن لە دروستکردنی ئەجێندایەک بۆ ئاسانکردنی پێکهێنانی هاوپەیمانیەتی و ڕەخساندنی دەرفەتی لێک نزیکردنەوەی ئەکتەرەکان' (کۆهەین و نی، ١٩٧٧: ٢١). لیبڕاڵە دامەزراوەییەکان هەوڵی دەرخستنی بەرجەستەبوونی هەماهەنگی نێوان دەوڵەتەکان دەدەن تەنانەت لە نائامادەیی ئەکتەرێکی هەژموون بۆ جێبەجێکردنی پابەندبوون و ملکەچ بوونەکانی ڕێکەوتننامەکان. لە ڕوانگەی نیولیبڕاڵەکانی دامەزراوەیی دەکرێت ئاستی ئەنارکی کەم بکرێتەوە لە ڕێگای ڕژێم و هەماهەنگییە دامەزراوەییەکان بۆ ئامادەکردنی ئاستێکی زۆربەرزی ڕێکخراوەیی regularity و پێشبینیکرن بۆ پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان (بۆرچیل، ٢٠٠٥: ٦٥).

## لیبڕاڵی دامەزراوەیی بەرامبەر نیوریالیزم

لیبڕاڵە دامەزراوەییەکان بە هەمان شێوەی نیوریالیستەکان پێیان وایە وڵاتان ئەکتەرانێکی ڕاشنالیستن، وە پێیان وایە هەردووک ئاسایشی نیشتیمانی و خۆشگوزەرانی ئابووریی نەتەوەیی گرینگن بۆ وڵات، بەڵام، لیبڕاڵە دامەزراوەییەکان پێیان وایە خۆشگوزەرانی ئابووریی وڵات لە ڕەهەند و بوارە سەربازییەکان گرینگترن، بە پێچەوانەوە نیوریالیستەکان گرینگیی زیاتر بە ئاسایشی نیشتیمانی دەدەن، بە تایبەت ئاسایشی سەربازی. لیبڕاڵە دامەزراوەییەکان پێیان وایە مەبەست، نیەت، بەرژەوەندی و زانیارییەکان زۆر گرینگترن لە دابەشبوونی پێگە و تواناکانی دەوڵەت لە سیستەمی نێونەتەوەییدا. لە بەرامبەردا، نیوریالیستەکان بانگەشەی توانای دابەشبوونی هێز لە نێوان دەوڵەتەکان لە دیاریکردنی ڕەفتاری دەوڵەتەکان دەکەن لە سیستەمی نێونەتەوەییدا (بەیلیس، ٢٠١١: ٢٦٢). لیبڕاڵە دامەزراوەییەکان وەکو نیوریالیستەکان هاوڕان لەسەر ڕۆڵی دەوڵەت و هەل و مەرجە ئەنارکییەکانی سیستەمی نێونەتەوەیی، بەڵام گفتوگۆی هەبوونی دەرفەتەکانی هەماهەنگی تەنانەت لە جیهانێکی ئەنارکیدا دەکەن، باوەڕیان وایە هەماهەنگی نێوان دەوڵەتەکان ڕوودەدات و دەکرێت لە ڕێگای دامەزراوەکانەوە ڕێک بخرێت. دامەزراوەکان مانای کۆمەڵێک ڕێسا و یاسا دەگەیەنن حوکم لەسەر ڕەفتاری دەولەت دەکەن لە سەر سیاسەتێکی دیاریکراودا، وەکو یاسای دەریا (پاول، ١٩٩٤). لیبڕاڵە دامەزراوەییەکان بە گشتی لەسەر ئەوە کۆکن دامەزراوە نێونەتەوەییەکان دەبێت جێگەی سیاسەتی هاوسەنگی یا هەر سیاسەتێکی دیکە بگرێتەوە، لەبەر مەبنای ئەوەی هەڕەشە لەسەر ئاسایش لە هەرشوێنێک هەڕەشەیەکی هاوبەشە بۆ سەر هەموون. پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان بەشێوەیەک دەبیندرێن کە تیایدا بەرژەوەندی ئەکتەرەکان لە ڕێگای دامەزراوەکانەوە بپارێزرێت لە هەر ناکۆکییەک لەسەر بەرژەوەندییەکان. لێرەدا مەبەست لەوەدا نییە دامەزراوە نێونەتەوەییەکان دەبێتە هۆی کۆتایی

پێهێنان بە جەنگەکان، بەڵکوو یارمەتیدەر دەبن لە دروستکردنی هەماهەنگی لە نێوان وڵاتەکان و رەوینەوەی زۆرێک لە نیگەرانییەکانی رکابەری ئاسایشی نێوانیان.
هەماهەنگی ئەگەری ئەوە هەیە سەرنەگرێت، بەتایبەت کاتێک هێزی جێبەجێکردنی رێکەوتننامەکان بێ هێز بن. لەگەڵ ئەمەشدا، لە ژینگەیەکدا تیایدا پێکەوەگرێدانی هەرێمایەتی و جیهانی گەشە بکات وڵاتەکان پابەندی رێکەوتننامەکان دەبن. ئەرگومێنتی هەماهەنگی نێوان وڵاتەکان قەناعەتپێکەرە، بەڵام نیوریالیزم رکابەرەکەی لیبراڵی دامەزراوەیی پێیوایە هەماهەنگی نێوان وڵاتەکان رەنگە رووبدات، بەڵام زۆر ئاستەمە بپارێزرێت. وڵاتەکان بەردەوام بێ متمانەن لە نیەتی لایەنەکان لەسەر ئەگەری پابەندبوون یا نەبوونیان بە رێکەوتننامەکانی هەماهەنگییەوە.
رەخنەی نیوریالیستەکان لە نیولیبراڵەکان بە تایبەت لە پرسی هەماهەنگی و پشت بەیەک بەستنی ئابووریی دەکرێت لە چەند خاڵێکدا کوورت بکرێتەوە:
یەکەم، پشت بەیەک بەستن نابێتە هۆی ئارامی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان، لەبەرئەوەی هەر ململانێیەکی نێوان دیسیپلینە ناکۆکەکان، ژینگەی ئەنارکی و نائاسایش لە جێگەی خۆشگوزەرانی ئابووریی ئەولەویەت وەردەگرن. زۆر ئاستەمە هەماهەنگییە ئابوورییەکان جێگەی ئاسایش و ستراتیژیەتی وڵاتەکان بگرنەوە. وڵاتەکان پێش هەموو شتێک لە سیاسەتی ناوەخۆ و دەرەوەیان بەردەوام بیر لە مانەوەیان دەکەنەوە. خواستی وڵاتەکان بۆ بەردەوام بوون لە هەماهەنگییە ئابوورییەکان دەوەستێتە سەر هەستکردنی وڵاتەکان لەسەر کاریگەری ئەو هەماهەنگییانە لەسەر ئاسایشی راستەقینەی خۆیان.
دووەم، پشت بەستن بەیەکدی بۆ هەموو وڵاتەکان بەردەوام بژاردەیەکی وا باش نییە. پشت بەیەک بەستن پەیوەندییەکی هەژمون/پاشکۆییە، لایەنی پاشکۆ ناچاردەکرێت لە بۆهەڵبژاردن و خواستەکانی هێزی هەژموونەکە، وە پشت بەیەک بەست وەکو حالەتێکی ناچاری و بەرشکەست Vulnerability سەرچاوەی هێزی وڵاتێک دەبێت بەسەر وڵاتێکی دیکە. بۆ نەبوون بەو پاشکۆییە، ریالیستەکان لە جێگەی پشت بەیەک بەستندا، پێشنیازی ئەوە دەکەن وڵاتەکان دەبێت پشت بەخۆیان ببەست، یا بەلایەنی کەم کەمترین پشتبەستنیان بە وڵاتانی دیکە هەبێت.
سێیەم، ئایدیای هەماهەنگییە ئابوورییەکان مانای ئاستێکی هەڵخەڵەتاندن و ناڕاستی یەکسانی و shared vulnerability نێوان هێزە ئابوورییەکانە لە جیهانی ئابووریدا. هەماهەنگی نابێتە هۆی لابردنی هەژموونی و پاشکۆیی لە پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتەکان، چونکە هێز بە شێوەیەکی زۆر نایەکسانانە لە هەموو کایە و جومگەکانی بازرگانی و دارایی و بازار لە جیهاندا دابەشبووە (مێرشایمەر، ٢٠٠١).

لە بەدواداچوونی ئەو گفت وگۆیانەی سەرەوە، ستیڤین برۆکس (٢٠٠٧: ١٢-١٣) بیرۆکەی کاریگەری بازرگانی ئازادیی نێونەتەوەیی لەسەر بەرقەرارکردنی ئاشتی و ئاسایشی جیهانی ناو دەنێت بە پرۆسەی 'بەجیهانیبوونی بەرهەمهێنان'. بەجیهانیبوونی بەرهەمهێنان دەبێتە هۆی جۆرێک لە ئاشتی و ئاسایش لە نێوان وڵاتە زلهێزەکان، لەگەڵ ئەمەش کاریگەری بازرگانی ئازاد لەسەرئاسایش تەنها لە چوارچێوەی جوگرافیایەکی دیاریکراو رودەدات، کاریگەری جیاوازی دەبێت لەسەرپەیوەندییەکانی ئاسایش، چونکە هێشتا بەجیهانیبوون و هەماهەنگی ئابووریی هەموو وڵاتەکانی جیهانی وەکو یەک نەگرتۆتەوە، وە رەنگە ببێتە جۆرێک لە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی وڵاتە تازە گەشەسەندووەکان. چونکە وڵاتە تازە گەشەسەندووەکان بەتەنها بە چوونیان بۆ نێو کۆمەڵەیەکەوە و بەتەنها بە واژووکردنی چەند گرێبەستێکی ئابووریی ناتوانن پەیوەندییەکانی ئاسایشیان پارێزراو بکەن، یا ببێتە جۆرێک لە دروستکردنی بەرژەوەندی هاوبەش. بەڵکوو ئەو کارە پێویستی بە پێکەوەگرێدانی هەرێمایەتی ئابووریی قووڵ هەیە لە بۆ سەرهەڵدانی ژینگەیەکی ئاسایشی باشتر، قووڵکردنەوەی کەناڵە پەیوەندییەکان لە نێوان دروستکەرانی بڕیار، لێک نزیکردنەوەی کۆمەڵگا جیاوازەکان وهەنگاونان لە پێشبڕکێی ئاسایشەوە بۆ هەماهەنگی و پێکەوە کارکردنی ئاسایشی و ئابووریی (برۆکس، ٢٠٠٧: ١٢٩). ئەو پرۆسەیەش دەوەستێتە سەر توانای وڵاتێک لەسەرپیادە کردنی هەموو بوارەکان و رەهەندەکانی بەجیهانیبوون.

دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت بەشێک لە ریالیستەکان، بە پێچەوانەی بۆچوونی نیوریالیستەکانی وەکوواڵتز و مێرشایمەر، پێیان وایە دەکرێت هەماهەنگی نێوان وڵاتەکان سەربگرێت. زۆرجار بەوانە دەگووترێت ریالیزمی مەرجدار(contingent realism) لە دیارترینیان چارلس گلاسێرە، مشت ومڕی ئەوە دەکات لە ژێرباری هەندی هەل ومەرجدا، رکابەرەکان دەتوان ئاسایشی خۆیان بەدەستبهێنن لە رێگای هەماهەنگی و پێکەوە کارکردن لە جێگەی سیاسەتی رکابەرییەوە (١٩٩٤-٥: ٥١). لەو هەل و مەرجانەدا، ئاسایشی وڵاتەکان وەکو بارێکی 'مەرجدار' لەسەر هەل و مەرجە زاڵ و بڵاوەکانی بەرجەستە دەردەکەوێت. نموونەی ئەوهەل ومەرجانە، ساڵانی هەفتاکان وهەشتاکانی سەدەی رابردووە، لەو ساڵانەدا زۆربەی وڵاتەکان لە جێگەی رکابەریی چەکدارییەوە کە لە ساڵەکانی سەرەتای جەنگی سارد گرتبوویانە بەر، پێیان باشتربوو هەماهەنگی لەگەڵ یەکدی بکەن بۆ رزگاربوون لە ململانێی بەردەوام و نادڵنییای بێ چارە، کە تەواو وڵاتەکانی هیلاک کردبوو. هەروەها نیوریالیستەکان کێشەی فێڵ کردنی نێوان دەوڵەتەکان زۆر گەورە کردووە، ئەگەر فێڵ کردن ببێتە مایەی کێشە و مەترسی، ئەی چی دەربارەی رکابەری خۆپڕچەککردن؟. ناکرێت نیگەرانی هەبوونی ئەگەری فێڵ کردن لە هەررێکەوتننامەیەک ببێتە

هۆی گرێنەدانی ئەو رێکەوتننامەیە. چونکە هەبوونی نیەتی فێڵ کردنیش ئەگەری ئەوەی نییە ببێتە هۆی گۆڕانێکی بنەڕەتی لە قازانجی لایەنەکان لەورێککەوتننانەدا.

## رەخنەکان

یەکێک لە رەخنە دیارەکانی سەرتیۆری لیبڕالیزم ئەوەیە لیبڕالیزم زیاد لە پێویست متمانەی بە توانای دامەزراوە نێونەتەوەییەکان لە چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکی نێوان وڵاتەکان هەیە. لە مێژوودا، ئەو دامەزراوانە نەیانتوانیوە رێگە بگرن لە بەرپابوونی زۆر جەنگەوە. لە داگیرکاری ئیتاڵیا بۆ ئەسیوبیا لە ١٩٣٤ بە نموونە، لەسەردەمی ئێستاشدا دامەزراوە نێونەتەوەییەکان نەیانتوانیوە رێگە لە دەستتێوەردانی نایاسایی زۆرێک لە وڵاتان لە جەنگی ناوەخۆی سوریا بگرن. هەروەها رەخنەگرەکانی سەرلیبڕالیزم ئاماژە بەوە دەدەن دامەزراوە ورێکخراوە نێونەتەوەییەکان تەنها لە بوارەکانی 'سیاسەتی نزم'دا رۆڵ دەبین، ئەگەرنا لە بوارەکانی 'سیاسەتی باڵا'دا رۆڵی ئەوتۆیان نەبووە. لەبەرئەوە وڵاتەکان بۆپاراستنی ئاسایش ومانەوەیان ناچارنین پشت بە دامەزراوە نێونەتەوەییەکان ببەستن. ریالیستەکان رەخنە لە لیبڕاڵەکان دەگرن بەوەی لە بواری ئاسایشدا، وڵاتەکان تەنها متمانە بە توانا و هێزی خۆیان دەکەن، نەوەک بە بەڵێنەکانی رێکخراوە نێونەتەوەییەکان.

رەخنەیەکی دیکەی گرنگ ئەوەیە لیبڕالیزم لە رێگای پابەندبوونە مۆڕاڵی و گەردوونیەکانی هەوڵی وەک یەککردنی سیستەمە جیاوازەکان دەدا. دیموکراسی، بە نموونە، سەیرکردنی دیموکراسی وەکو تاکە فۆڕمی حومکڕانی گەردوونی ڕەوا بە جۆرێکە بواری بۆ سیستەمە سیاسییەکانی دیکە کەم کردۆتەوە، بە تایبەت سیستەمە سیاسییە رۆژهەڵاتییەکان. لەبەرئەوە لیبڕالیزم پێویستی بە پێداچوونەوەی بنەما فەلسەفیەکان و پێداویستییە رێکارییەکانی هەیە بۆ ئەوەی وەکو پرۆژەیەکی رۆژئاوایی لەسەر ئاستی سیستەمی نێونەتەوەیی دەرنەکەوێت (ماکمیلان، ٢٠٠٧: ٣٤)، وە ئەوەش پێویستی بە لەخۆگرتنی رەهەندی نوێ دەبێت.

گریمانەی نەچوونی دیموکراسییەکان بۆ جەنگەوە لەگەڵ یەکدی هەموو جار دروست نییە. زۆرجار دیموکراسییەکان بۆمەبەستی جگە لە بەرگریکردن لە خۆیان دەچنە جەنگەوە، هەروەها جەنگی عێراق وئەفغانستان ئەوەی دووپات کردەوە. لە لای ریالیستەکان، وڵاتەکان یەک شتن. ئەوهەل ومەرجانەی وڵاتێکی نادیموکراسی رووبەڕوی جەنگ دەکاتەوە، هەمان وڵاتی دیموکراسیش رووبەڕووی جەنگ دەکاتەوە. بە شێوەیەکی سەیر، لە ماوەی بیست ساڵی رابردوو لیبڕاڵەکان زۆرجارلە پشتەوەی داواکردنی زۆربەی جەنگەکان بوونە، لە بەرامبەریشدا ریالیستەکان لە دژی ئەم جەنگانە بوونە، بە تایبەت لە جەنگەکانی ئەفغانستان وعێراق.